# پارێزگای هەولێر ڕاگەیەندراوەکی لێبارەی بڕیاوەچوونی پلانی ڕێڕەوی جێژنەوە بەاوکردنەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەمەد خۆشناو پارێزگای هەولێر ڕاگەیەندراوەکی لێبارەی بڕیاوەچوونی پلانی ڕێڕەوی جێژنی ڕەمەزان بەاوکردنەوە و ئاماژەی بۆشکرد، پلانەکە وەکوخۆی و بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرا.

پارێزگای هەولێر لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بۆپێی ئەو ئامادەکاری و پلاننانی بە سەڕی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆز، لەلایەن لیژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر، بە مەبەستی پاراستنی ئارامی و ئاسایش شار و سەر و ماڵ و سەلامەتیی گیانی هاوواتیان ئامادەکاری بۆ کرابوو، پلانەکە وەکوخۆی و بە سەرکەوتووی وبەگرفت جێبەجێ کرا.

ئاماژەی بۆش داوە، ئاماری گشتیی ژمارەی هاتنی گەشتیاران و هۆوداوەکانی ڕێڕەوی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆزی ئەمساڵ، لە سنووری پارێزگاکەمان بەمشێوەیەی خوارەوە بووە:-

سەبارەت بەپلانی گەشتوگوزار، بۆ ڕێڕەوی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆز، وەک چۆن داڕێژرابوو تەواوی

بڵگەکانی وەکو خۆی و بە سەرکەوتووی جێبەجێ کران، لێوانێش دانانی لیژنەی تایبەت بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ گەشتیاران لە بازگەکان و دابەشکردنی ژمارەی تەلەفۆنی لیژنەکان بەسەر گرووپە گەشتیارییەکان و گەشتیاران بۆ یەکەمی هاوکاربن بۆ چارەسەرکردنی هەر هەوداوێك یان گیروگرفتێك. هەروەها پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بۆ بەدواداچوون لە هۆشی گەشتیاران لە بنکە گەشتیارییەکان بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەواو بە گەشتیاران لە بنکە گەشتیارییەکان. ژمارەی ئۆو گەشیارانشی تێنها لە هێڵانی پشووی جێژن سەردانی هۆڵەری پایتەختیان کردووە بریتی بووە لە ( 76 هەزار و 654 ) گەشتیار.

بەپێی ئۆو پلان و ئامادەکارییانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دانێزرابوو، وەکو خۆی و بەبێ هیچ گرفتێك جێبەجێ کران و بە هەرحاڵەتێکی پێویستیش، سەرجەم هێزەکانی ئاسایش لە ئەرك دابوون.

سەرجەم هێزەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر لە هەموو بەش و هەبەکان لە هەرسێ هێڵی جێژنی هەمەزانی پیرۆز لەئامادەباشی تەواودابوونە و پلانەکان وەك چۆن دانێزرابوون تەواوی بگەکانی وەکو خۆی و بە سەرکەوتووی جێبەجێ کراون، ئاماری تاوانەکان لە هێڵانی جێژن بەمشێوەیی بوو، ( 28 ) تاوان تۆمار کراوە، ( 28 ) تاوان ئاشکرا کراوە.

سەبارەت بەپلانی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر بۆ هێڵانی جێژنی هەمەزانی پیرۆز، وەك چۆن دانێزرابوو تەواوی بگەکانی وەکو خۆی و بە سەرکەوتووی جێبەجێ کران، بەڵام بەهۆی پابەندنەبوونی شوفێران بەڕێنمایی و یاساکانی هاتووچۆ و لەخۆبینی خۆرا، ( 4 ) هەوداوی هاتووچۆیان دا و بۆ داخۆی لە ئێنجامدا ( 12 ) کەس بریندار بوون.

تەواوی بنکەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی هەولێر بۆ هێڵانی جێژنی هەمەزانی پیرۆز لە ئامادە بوون، لەوماوەیشدا ( 9 ) حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە هەبووە، سەرجەم حاڵەتی ئاگرکەوتنەوکانیش لە لایەن تیمەکانی بەرگریی شارستانییەوە کۆنترۆڵ کراون و خۆشبەختانە جگە لە زیانی ماددی هیچ زیانێکی گیانیان لێ نەکەوتۆتەوە.

لە سێ ڕۆژی جەژن تەواوی تیمە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان لە ئەرک دابوونە، لەو ماوەیشدا ( 5 هەزار و 874 ) هاوڵاتی سەردانی نەخۆشخانەکانی سنووری پارێزگای هەولێریان کردووە، (119 ) منداڵ لە دایک بووە ( 71 کوڕ ) و ( 48 کچ )، ( 669 ) نەشتەرگەری جۆراو جۆر ئەنجام دراوە لەگەڵ ( 620 ) حاڵەتی شوشتنی گورچیلە، ( 159 ) نەخۆش لە نەخۆشخانەی نانەکەلی چارەسەریان وەرگرتووە و ( 520 ) نەخۆشیش لە سەنتەری ئاوات چارەسەری تیشکیان وەرگرتووە.

 

 

سەرجەم فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان و تیمەکانی شارەوانی، لە ڕۆژانی جەژن لە ئەرکدا بوونە و لەو ڕۆژانەشدا ( 6 هەزار و 956 ) تەن زبڵ و پاشماوە لە سنووری سەرکایەتیی شارەوانیی هەولێر کۆکراوەتەوە و لە زبڵخانەی کانی قرژاڵە شاراونەتەوە.

 

دەستخۆشیی لە یەکە کارگەڕی و ئیداریەکان و هێزە ئەمنیەکان و بەڕێوبەرایەتیی گشتیی تەندروستی هەولێر و تیمەکانی شارەوانی و ژینگەپارێزان لە سەرجەم قەزا و ناحیەکان دەکەین، کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو وەک پشووی فەرمانگەکانیان لە ئەرکدا بوون، جارێکی تر وەکو پارێزگای هەولێر هاوڵاتیان و هاوشاریانی خۆشویستی هەولێری پایتەخت دڵنیا دەکەینەوە وەک هەمیشە لە خزمەتی ئەودا دەبین بە دەستبەرکردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و بە هەموو توانایەکمانەوە بە پشت بەستن بەتوانا و چاووکراوەیی هێزە ئەمنیەکان، شەو ڕۆژ دەخەینە سەریەک بۆ پاراستنی سەلامەتی و پارێزگاریکردن لە سەر و ماڵتان.